# "جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا"

د.عثمان عبدول بەرزنجی/ زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی زمان

پێشەكی

هەر بابەتێك كە دەبێتە كەرەستەی هونەری بۆ شاعیران و نووسەران و لەبەرهەمەكانیاندا دەیخەملێنن و بەرجەستەی دەكەن،دیارە هەروا لەخۆڕا ڕەنگدانەوەی لایان دروست نابێت،بەڵكو دەبێتە مەسەلەیەك و پەل بۆ ناخیان دەهاوێژێ و هەستیان دەبزوێنێ.

لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیەش وەك بابەتێك تەرخانكراوە بۆ باسكردن و لێكۆڵینەوە لەبواری جوانیدا لەبەرهەمی هەندێ لە شاعیرانی شێوە زاری سلێمانی دا،بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی ڕۆڵی سەرەكی و گرنگیان هەبووە لەسالأنی چلەكانی سەدەی بیستەمداو ئاوڕیش لەبەرهەمی هەندێ لە شاعیرانی دوواتریش دراوەتەوە.

لە توێژینەوەكەدا،ڕێبازی وەسفی و بەپێی پێویستیش ڕێبازی شیكاریش ڕەچاوكراوە.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لەبەرهەم و بیروبۆچوونی شاعیران و شارەزایانی بواری ئەدەبی كوردی و تۆژەری باسەكە، سەرنجی هەندێ لە شارەزایانی بواری ئەدەبیاتی جیهانیش خراوەتە ڕوو.

بابەتەكەشمان بە دوو بەشی سەرەكی دابەشكردووە :-

بەشی یەكەم: چەمكی جوانی،لە دیدو بۆچوونی هەندێ لە فەیلەسوف و شارەزایانی بێگانەو شاعیران و نووسەرانی كوردەوە.

بەشی دووەم: جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی كورددا،بە تایبەتی لە سالأنی چلەكانی سەدەی بیستەمدا و بەدوواوە.

(( بەشی یەكەم ))

(( چەمكی جوانی لە دیدوبۆچوونی فەیلەسوفەكان و شارەزایانی بواری ئەدەبییەوە ))

هەر لەكۆنەوە شیعر لە هەناوی ڕاچڵەكین و ترسی مرۆڤ لە سروشت و كەونەوە،نەشونمای كردووە. بۆیە گەڕانەوە بۆ سروشت و بەهاكانی سروشت،بە تایبەتی جوانی سروشت لەشیعردا ڕەنگی داوەتەوە، چونكە جوانی بەواتای ویستنی بەها جوانییەكانەو بە پلەی یەكەمیش لە هونەرە جوانەكاندا بەدی دەكرێت.

ئاشكرایشە چەمكی جوانی سنووردار نییەو فراوانە،كەواتە شتێكی ڕەها نییە،بەڵكو ڕێژەییەو لەگۆڕان و ئاڵوگۆڕدایەو خەسڵەتێكی چەسپاوی نییە.

دیاره جوانی وەك زاراوە مێژووەكەی هاوتایە لەگەڵ مێژووی شارستانیەتدا،چونكە ئیستاتیك ((لكێكە لە فەلسەفە،گرنگی دەدات بە لێكۆڵینەوەو ڕوونكردنەوەی چەمكی (جوانی) وەكو روخسارێكی جیاكەرەوەی كارەكانی هونەر)) [1]

كەواتە مادام پەیوەندی لەنێوان ئیستاتیكاو فەلسەفەدا هەیە،ئەوا مێژووی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێكی دوورو درێژ بەر لە زایین،بەڵام بیروبۆچوونی فەیلەسوفەكان لەبارەی جوانییەوە بەپێی بیرەكانیان جیاوازە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی بۆچوونی (سوكرات) بدەین لەبارەی جوانییەوە،ڕای وایە كە ((جوانی خەسڵەتێك نییە،كە بە شتەكانەوە بەسترابێتەوە،هەر لە مرۆڤەوە تا جلوبەرگ و گوڵ...هتد،كە هەموویان جوانن،بەڵكو لەسەرووی هەموو ئەوانەوە جوانی خۆی هەیە)) [2]

(ئەفلاتون) یش ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووەو هەرچەندە كاریگەری (سوكرات) ی مامۆستای لە بۆچوونەكانیدا ڕەنگی دابۆوە،هەر بۆیە جوانی بەلای ئەمیشەوە ((خاسیەتێكی جیهانی ئایدیایەو جوانی دنیایی ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییە ئایدیایە هەرگیز نەگۆڕو نەمرەیە)) [3]

بەڵام بۆچوونی (ئەرستۆ) بۆ جوانی زیاتر بۆچوونێكی ماتریالیانە و تاڕادەیەكی زۆریش جیاوازە لە بۆچوونی هەردوو فەیلەسوفەكەی پێش خۆی،بۆیە جوانی بەلایەوە ((ئەو شتەیە كە بابەتی و ڕەها بێت، تەواو بێت و سنورێكی دیاریكراوی هەبێت،واتە سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی هەبێت و بەشەكانی بەیەكەوە گرێ دراوبن و بەدوایەكدا هاتنی تێدابێت)) [4]

كەواتە ئەرستۆ جوانی بەو خەسڵەتە دادەنێ كە لەواقیعی شتەكاندا هەبێت و بە بێ بوونی مادە جوانیش نابینرێت .

دیارە لەبارەی جوانی و فەلسەفەی جوانییەوە چەندەها بیروبۆچوونی تریش هەبووەو هەیە،بەڵام ئەم بابەتە وەك دیاردەیەك سەرەتا لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەوروپاوە سەری هەڵداوەو لەئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لای فەیلەسوف و نووسەرە بەناوبانگەكانی وەك (بودلێر و گوتیە و هیگل و ئۆسكار وایلد و ...هتد) بە تایبەتیش لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا ڕەنگدانەوەو گەشەسەندنێكی بەرچاوی هەبووە.

كەواتە ووشەی (جوان) شتێك نییە كە خۆی بوونی هەبێت بەبێ شتێكی بەرجەستەیی، كە ئەویش خۆی لە سروشتدا دەبینێتەوە،كەواتە تا مادەیەك نەبێت جوانی دروست نابێت و ئەمەش دژە بۆچوونێكە بەرامبەر فەیلەسوفە میتافیزیكیەكان. هەربۆیە جلیسون دەڵێت: ((زۆرێك لە فەیلەسوفە میتافیزیكیەكان كەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە كە (جوانی) یان لە بوونەوەرەكان جیاكردۆتەوە و بەلایانەوە وایە كە جوانی خۆی لەخۆیدا ڕاستییەكەو ناكرێ جیابكرێتەوە)) [5]

هەر لەو روانگەیەوە ئەگەر سەرنجی راوبۆچوونی (هیگل) ی فەیلەسوفی ئەڵەمانی بدەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە،كە لای ئایدیالیستەكان: جوانی بریتییە لە ئایدیا لە قۆناغێكی دیاریكراوی پەرەسەندنیدا و جوانی سروشتی نییە ، بەڵكو هونەرییە و بە بۆچوونی هیگڵ كاری داهێنانی خوودی مرۆڤە و تەنها لەو شتانەدا هەیە ، كە مرۆڤ دروستیان دەكات و بە تەواوی پەیوەستە بە چالاكیە كۆمەڵایەتییەكانی مرۆڤەوە، بەلایەوە جوانی لە هونەردا داهێنانی

رۆحەو لە هوشیاری و ئازادییەوە بەرجەستە بووە...} [٦]

کەواتە بەگشتی دەتوانرێ بووترێت ئایدیالیستەکان جوانی دەگێڕنەوە بۆ بوونێکی رەهاو ئایدیایەکی رەها،کە ئەوەش لەسەرووی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دەوەستێت.

هەرچی ماتریالیستەکانیشە جوانی وەك خەسڵەتێکی مادی شتەکان و بابەتەکان لێك دەدەنەوە.

هەندێك وای بۆ دەچن،کە جوانی وەکو راستی بەدیکراوی کەرەسەیەك وایە،یان راستی خۆیەتی. هەر لەو روانگەیەوە سەرنجی راوبۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی ئەو بوارە دەدەین لەوانە:

تۆماس ئەکوانیس،کە فەیلەسوفێکی مەسیحییە،لەبارەی جوانی یەوە دەڵێت: ((بە تەنها تێرامانێکی خوڵقێنەرانەی شێوەیەك لە شێوەکانی،دڵکرانەوەو خۆشی بەخشە،ئەمەش بەوەی سەرنج رادەکێشێ،جا بەهۆی هەستەکانەوە بێت یان تەنیا شتێکی زەینی بێت)) [٧]

رۆماننووسی فەرەنسی سەدەی نۆزدە،ستاندال،وای بۆ دەچێت کە ((جوانی بریتیە لەو پەیمانەی جۆرێك خۆشی دەخوڵقێنێت)) [٨]

هەر لەبارەی ئاست و مەسەلەی توێژینەوە لە جوانیدا،ولتر بیتر،دەڵێت: ((جوانی مەسەلەیەکی رێژەییە،کاتێکیش سیفەتێکی تەجریدی دەدەینێ،هەموو واتایەکی جوانی دەکەینەوە،بەڵکو دەبێت سیستمێکی تایبەت بەخۆ،واتە تان وپۆی توانا جوانییەکان بنەخشێنێ،چونکە لەڕاستیدا ئەمە ئامانجی لەپێشە بۆ توێژینەوەی جوانی)) [٩].

بەلاَم بەلای نووسەرێکی وەك،(جون کیتس) ەوە جوانی بۆتە لایەنێکی تەواوی ژیان و لەگەڵ راستیدا هاوکێشەیەکی تەواوکەری یەکتر پێك دەهێنن،چونکە بەلایەوە((جوانی راستییەو راستیش جوانییە)) [١٠]

هەر لەبارەی جوانییەوە ئەدیب و شارەزایەکی وەکو، ئای– ئەی– ریتچاردز،یش لە کتێبی (سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی) یەکەیدا،باسی لێوە دەکات و دەڵێت: ((جوانی خاسیەتێك نییە کە لەناو (شت) خۆیدا هەبێت،واتە سیفەتێکی موتڵەقی ئەو شتانە نییە کە پێیان دەڵێن جوان،بەڵکو بریتیە لەکارکردنی ئەو شتانە لەمێشکی ئێمەدا...لەو سۆزو هەڵچونە دەروونیەی ئێمە بەرامبەریان دەری دەبڕین))[١١]

ئەو بۆچوونەی ریتچاردز گونجاو و ڕاست و واقیعیانەیە،چونکە ئەگەر سۆزو هەڵچوونی دەروونی خەڵك نەبێت،ئاستی جوانییەکان دەرناکەون،لە هەمانکاتدا کەسایەتی و جۆری بیرکردنەوەی کەسەکانیش رۆڵی گرنگیان هەیە لە بەرجەستەکردنی ئاستی جوانییەکاندا. ئەمە جگە لەوەی خەسڵەتی شتەکەش بەپێی ئارەزووی کەسەکان رۆڵی خۆی لەو بوارەدا دەبینێت.

دیارە جوانی وەك بابەتێکی بنچینەیی لەناو ئەدەبیاتی گەلاندا هەر لەکۆنەوە رەنگی داوەتەوە و پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە شیعردا بە تایبەتی بۆ خۆی داگیرکردووە،جا ئیتر ئەو جوانییە جوانی سروشت بووبێت بە (نەبزواو و بزواو) ەوە،یاخود جوانی

ئادەمیزاد بووبێت بە تایبەتی جوانی ژن یا ئافرەت.

لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و ژیاندا،تێڕوانینەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە،بە تایبەتی شاعیرانی نوێخواز لەم بوارەشدا بۆچوونی نوێ و تازەیان دەربڕیوە و واقیعیانەتر باسیان لەجوانی سروشت و مرۆڤ کردووە،نەك وەك شاعیرانی کۆن واتە کلاسیکیەکان،کە زۆرجار باسەکەیان دۆخێکی خەیاڵاوی وەرگرتووە،بە تایبەتی لەباسی ئافرەتدا.

لە شیعری نوێدا هەندێ لە شاعیران کە باسی سروشتیان کردووە،سەرەتا بایەتییانە ڕوانیویانەتە سروشت و چییان بینیبێ ئەوەیان باسکردووە،واتە وەك کامێرا وێنەکەیان گرتووەو تا ڕادەیەکی زۆر دوور بووە لە کاریگەری هەست و سۆزی خۆیان و بێلایەنانە باسیان کردووە.

هەروەها لەباسی ژنیشدا واقیعیانە وەسفی خۆیی و جوانییەکەیان کردووە،وەك چۆن هەیەو ئەبینرێت لەروخساریدا.

بەگشتی دەتوانرێ بووترێت وەك چۆن هونەرمەندێك وێنەیەکی سروشت یان ژنێك دەبینێت و نیگاری دەکێشێت،شاعیرانیش وابوون.

هەندێجارئەو جۆرە بیرکردنەوەو تێڕوانینەی شاعیران لەبارەی سروشت و جوانی ژنەوە،وایکردووە کە ئەو بەرهەمانە تا ڕادەیەك،وەك بەرهەمێکی بێ تام و چێژ دەربچن و لەدەروونی خەڵکیدا کاریگەری ئەوتۆیان نەبێت و جێی خۆیان نەکەنەوەو ڕەنگ و بۆیەکی هەستداریان پێوە دیار نەبێت و وادەربچێت کە ئەو شاعیرانە تەنها شتەکانی ناو واقیع و سروشتیان وەرگرتبێت و نەگەڕابن بەدوای ئەوەی تام و چێژێکی خۆش بدەن بە بەرهەمەکە بەهۆی هەست و سۆزی دەروونی و خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆیانەوە،واتە هەست و سۆزە ڕۆمانسییەکە.

ئەوە ڕاستییەکە،کە واقیع هەر تەنها ناوکی شتەکانمان دەداتێ و شاعیران و ئەدیبان دەبێت بابەتێکی سەرنجڕاکێش و زیندووی لێ بخوڵقێنن،نەك تەنها وێنەی شتە سروشتیەکان دەقاودەق وەربگرن و هیچ پێوەنداری نەکەن بە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاوە و سۆزو هەست و نەستی بەرامبەر ڕانەکێشن و نەیجووڵێنن" دیارە ئەو جۆرە شاعیرو نووسەرانە و بەرهەمەکانیشیان لەناخی خەڵکیدا کاریگەری ئەوتۆیان نابێت،هەر بۆیە (مەکسیم گۆرگی) دەڵێت: ((هونەرمەند یا ئەدیبە باڵاکان ئەوانەن،کە ڕۆمانتیکیەت و ریالیزمییان لا کۆبۆتەوەو لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە)) (١٢)

کەواتە بەرهەمی سەرکەوتوو ئەو بەرهەمانەن کە شاعیرو ئەدیبەکان کاتێ باس لە بابەتێك دەکەن تەنها بابەتیانە باسی لێوە نەکەن و خودی خۆیانی بەتەواوی لێ دوور نەخەنەوەو بەرهەمەکەیان لە هەست و سۆزی خۆیان بێ بەش نەکەن،واتە بنەمای بەرهەمەکانیان لە دەروونیانەوە سەرچاوەی گرتبێت،بە تایبەتیش لای شاعیرەکان.

لە ئەدەبیاتی ریالیزمیدا ئەو ناسکی و تەڕو پاراوییە بەدی ناکرێت،کە لە ڕۆمانسیەتدا بۆ جوانی سروشت و هەموو ئەو بوونەوەرانە وتراوە،کە لەسروشتدا هەن،بە ئافرەت و

جوانییەکەیشیەوە، چونکە ((سروشت کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری رۆمانسیەتە)) [13]

ئاشکرایە کە جوانی بەشێکە لەسروشت و هەرگیز لێی جودا نابێتەوە،جوانی بەگشتی و جوانی سروشت بەتایبەتی لای هەندێ لە شاعیرانی جیهانی گەیشتۆتە رادەیەك کە وەك جوان پەرست یا سروشت پەرست ناودەبرێن،لەوانە شاعیری ناوداری ئینگلیزی (ۆردز ۆرپ) کە سروشت بەلایەوە ((دایکە،هاورێیە، سەرچاوەی هەموو بیرێکی پاکە...پاسەوانی دڵە..گیانە بۆ لەشە مادییەکەی مرۆڤ...)) [14]

بەپێی بیروبۆچوونی کۆمەڵێك لە شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی،(گۆران) یش لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەك ۆردز ۆرپ،بەسەرقافڵەی شاعیرانی سروشت و جوانی دەژمێردرێت و چەپکێك بەرهەمی نایاب و ناوازەی لەبارەی سروشت و بەتایبەتیش ل باسی ژن و جوانییەکەیدا خوڵقاندووە،هەر وەك دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێت: ((گۆران ماوەیەکی زۆری لەتەمەنی شیعری خۆی بۆ ژن و جوانییەکەی تەرخان کردووە و لەو مەیدانەدا بەرهەمی زۆری هەیە و لە وەسفەکانیدا لەوێنەیەکی واقیعی جوانی ژن دەرناچێ و بەداهێنان و خوڵقاندنەوە ئەوەی کردووە...و گۆران کارامەترین کەسێکە کە وەسفی واقیعی ژنی کردبێ)) [15]

ئەمە جگە لەوەی گۆران بۆ هەموو مەسەلەو لایەنەکانی تری ژیان،بەرهەمی زۆرو زەوەندەی تەرخان کردووەو زۆر شارەزایانە پێکاونی،جا ئیتر لایەنی نەتەوایەتی و سۆزی نیشتمانی بێت،یا بابەتی نێونەتەوەیی و لایەنی مرۆڤایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی بێت،یاخود شۆڕشگێڕێتی و هەڵوێست و فیداکاری و لاواندنەوە بێت،یان ئەوین و خۆشەویستی راستەقینە بێت،چ جای جوانی سروشتی رەنگین و وەسفی شارستانێتی و جوانی ئافرەت و واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و سەربەستی ژن و ....هتد، ئائەوانە هەرهەموویان لە شیعرەکانی گۆراندا رەنگیان داوەتەوە.

خۆ ئەگەر ووردتر سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی کوردی و لەبارەی جوانی سروشت و ژنەوە لێی بکۆڵینەوە،دیارە دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەم جۆرە بابەتانە هەر لە کۆنەوە واتە لەئەدەبیاتی کلاسیکیەوە سەرنجی شاعیرانی راکێشاوەو بایەخێکی زۆریان پێداوەو لە شیعرەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و گەلێك جوانکارییان تێدا ئەنجام داوە.چونکە سروشت خۆی زۆرجار،بۆتە بنچینەی ئیلهام و خورپە لای شاعیران و وەکو پەرستگایەك ڕوویان تێکردووە.

تەنانەت هەندێ جار،شاعیر دیمەنێکی زۆر ئاسایی لەسروشتدا دەبینێت و لای دەبێتە خولیاو لەناخی خۆیدا وێنەی دەکێشێتەوە و گەڵاڵەی دەکات،بەتایبەتی ئەگەر دیمەنەکە پێوەندی نێوان کۆمەڵ و سروشتی خستەڕوو،ئەوا شیعرێکی ناسك و دڵڕفێنی لێ ئەخوڵقێنێ و پاشان وەك بەرهەمێکی ئەدەبی رەنگین پێشکەشی خەڵکی دەکات.

دیارە جوانی تەنها لەیەك دیمەنی تایبەتیدا نابینرێت،بەڵکو لەسروشت و ژن و بوونەوەرەکاندا بەگشتی دەبینرێت و پێوەندی نێوان ئەو جوانیانە بۆتە مەبەستێکی گرنگ لای شاعیران،بەتایبەتی لەئەدەبیاتی نوێی کوردیدا،لە ساڵەکانی چلەکانی سەدەی پێشودا و بەدوواوە.

((بەشی دووەم))

((جوانی و رەنگدانەوەی لەشیعری شاعیرانی کورد دا))

ئاشکرایە گۆران بەهرەمەندترین شاعیری کورد بووە لەو بوارەدا و چەندەها وێنەی شیعریی بەهێزو قەشەنگی لەشیعرەکانیدا نەخشاندووە،بەتایبەتی لەشیعرە رۆمانسیەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

شاعیر لە شیعری (ئافرەت و جوانی) دا زۆر سەرنج راکێشانە وەسفی سروشتی بەگشتی کردووەو ئەوپەڕی جوانی و رەنگینیەکەی دەرخستووە،کەچی هەرهەموو ئەو جوانییانەی بە کەموکوڕ داناوە،بەبێ جوانی بزەی نازدارو ئازیزێکهەرچەندە ئافرەت خۆی بەشێکە لە سروشت هەروەك دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ رووناکی یە بێ بزەی ئازیز...هتد (١٦)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لای شاعیرانی کورد بەگشتی و گۆران بەتایبەتی" جوانی ژن یا ئافرەت سەنگ و بەهاکەی زیاترە لەجوانی سروشت و هەر لەجوانی ئەویشەوە هەست بەجوانی سروشت دەکەن.

رەفیق حیلمی لەبارەی گۆرانەوە بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت: ((هەست بەوە ئەکا،کە جوانی ئافرەت کانگەی هەموو جوانییەکانی تەبیعەتە وە بەئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە ئەکرێ کەلە تەبیعەتدا جوانی هەیە)) (١٧)

کەواتە هەرچەندە سروشت بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی شاعیران،بەڵام هەرگیز چاوپۆشیان لەجوانی و نرخ و بەهای ژن نەکردووەو بەبێ ئازیز و خۆشەویستەکەیان،هیچ چێژو خۆشییەکیان لەسروشت نەبینیوە و بەلایانەوە ئەو نرخەی نەبووە،چونکە ((ئافرەت هێزێکی گەورەو وزەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم ژیانەیە)) (١٨)

هەر لەبارەی گۆرانەوە (حسین علی شانۆف) ڕای وایە (( گۆران جوانی سروشت و ئافرەتی لێك جودا نەکردۆتەوە)) (١٩)،لە راستیدا گۆران وشەی (ئازیز) ی تەنها بۆ ئافرەت واتە بۆ ئەو کەسەی کەلەتەلی دڵی داوە بەکارهێناوە،نەك بۆ مرۆڤ بەگشتی کە نێرو مێش دەگرێتەوە.

ئەو جوانیانەی بەگشتی لەسروشتدا هەن،مرۆڤ لەرێگەی هەستەکانەوە پەییان پێ دەبات،هەربۆیە شاعیرانیش زۆر بە وورییاییەوە لەرێگەی ئەو هەستانەوە دەگەڕێن بەدوای جوانترین و قەشەنگترین وێنەی هونەریدا" بەتایبەتی ئەو دیمەنانەی لەبارەی جوانی سروشت و ئافرەتەوەیەو ئاوێتەکردنی ئەو دوو جوانییەو لێك دانەبڕاندنیانە.

(کۆلریدج) لەوبارەیەوە دەڵێت: ((هونەر توانستی ئینسانی کردنی سروشتە،هونەر ئەوەیە کە لەدەستمان بێت،ئەو بیروسۆزە ئینسانییەی هەمانە بیرژێنینە ناو ئەو شتەی کە کەرەسەی لێ خوردبوونەوەکەیە...)) (٢٠)

زۆربەی شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە ئەو مەبەستە بپێکن،هەر بۆیە لەو وەسفانەیاندا لەگەڵ هەژاندنە دەروونیەکانیاندا،وێنەکانی دەرەوەو ناوەوەی ناخیان ڕەنگی داوەتەوەو ((شاعیر وێنەی

هەژاندنە دەروونیەکانی خۆی و هەستکردنی قووڵی بەجوانی سروشت ئەنەخشێنێ و یەکگرتنی دیمەنەکانی دەرەوە لەگەڵ ئەو وێنەیەی لەناخیا پێچەوانە دەبێتەوە نیشان دەدات)) [٢١]

ئەمە زیاتر لەشیعرە رۆمانسیەکاندا رەنگی داوەتەوە،چونکە وەك ئاشکرایە رۆمانسییەت لەدایکبووی پێوەندی نێوان تاکەکەس و سروشتە" بەڵام لەشیعرە ریالیزمیەکاندا زیاتر پێوەندی نێوان سروشت و کۆمەڵ دەردەکەوێت لەبەرئەوەی ریالیزم لەدایکبووی نێوان کۆمەڵ یا نەتەوەو سروشتەو ئاوێنەی رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی دوای ساڵانی پەنجاکانی گۆران بدەین ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت.لەبەرئەوەی ئەو حەزو ئارەزووەی بۆ سروشت و جوانییەکەی وەکو جاران نەبوو،چونکە وای دەویست سروشتەکەش لەپێناوی ئەو بیروباوەڕەدا بەکاربهێنێ کەوابەستەی بوو بوو.لەهەمانکاتدا رێبازی شیعرییەکەشی بابەتی ریالیزمییانەی لەخۆ گرتبوو،چونکە ((گۆران پاش چوونە قۆناغی لایەنگرتنی،ئەو ئارەزووەی جارانی لەشیعری جوانی پەرستی و سروشت دۆستی نەما،شیعری سیاسی وتنی کەوتەگەر)) [٢٢]

هەربۆیە سەرنجی گۆران لەزۆر بواردا گۆڕانی بەسەرداهات،بەتایبەتی کاتێ کە مەسەلەی مرۆڤایەتی و هەوڵدان بۆ ئازادی و سەرفرازی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ببووە بنەمای بیرکردنەوەو تێڕوانینی، ئا لەو روانگەیەوە دەبینین مەسەلەی ئافرەت و جوانییەکەشی وەك جاران لە بەرهەمەکانیدا نەدەبینرا،واتە وەك ئەو بەرهەمانەی پێش ساڵانی پەنجاکان کە زیاتر شیعری رۆمانسی بوون.ئا لەو شیعرانەیدا ژن وەك ئەوەی شتێکی جوان بێت و بۆ خۆشی ژیان دروست بووبێت،ئا بەو شێوەیە لەشیعری گۆران و شاعیرانی تردا رەنگی دابۆوە.

بەڵام لەشیعری قۆناغی ساڵانی پەنجاکان بەدوواوە،ئافرەت وەك مەسەلەیەکی گەورەتر دەرکەوتبوو،وەك ئەوەی بووبێتە خاوەنی هەڵوێستی خۆی و خواست و ئیرادەی بەدەستی خۆی بێت،بەو شێوەیە رەنگی دایەوە لەشیعری شاعیرانداو بووە بەشێك لەواقیعی نەتەوە یا کۆمەڵگاو بەشداری کردنیان لەمەسەلەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیدا،بۆ گۆڕینی باری ژیانی کۆمەڵگاو ئاسوودەیی و دادوەری بۆ خەڵکی.

لەو بارەیەوە کەمال میراودەلی،ئەو دوو تێڕوانینەی گۆران بە دوو قۆناغی جیا دادەنێت و دەڵێت: ((ئەم هۆنراوانەی گۆران قۆناغێکی شیعری تایبەتی ئەو پێکدێنن و گۆران دوای ئەو قۆناغە،نەك هەر تەنها تێگەیشتنی بەرامبەر ئافرەت دەگۆڕێ،بەڵکو ئافرەت وەك مەبەستێکی سەربەخۆ لەلای ئەو ڕوون دەبێ و دەبێتە بەشێك لەمەسەلەیەکی گەورەتر کە مەسەلەی ئازادی و بەختەوەری مرۆڤە...)) [٢٣]

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی (جوانی بێ ناو،بۆ کچێکی بێگانە،جیلوی شانۆو...هتد) ی گۆران بدەین کە لەساڵانی پێش پەنجاکاندا نووسیونی و بەراووردیان بکەین لەگەڵ شیعرەکانی (ئەنجامی ئەژدەهاك و ئەنجامی یاران)،کە لەشێوەی ئۆپەرێت دان و چەندەها شیعری تری،کەلەساڵانی پەنجاکان و بەدوواوە نووسیونی" ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت،کە

شاعیر چەند ووردبینانە ئەو ئامانجەی پێکاوە. هەربۆیە لێرەدا چەند نموونەیەك بۆ ئەو مەبەستە دەهێنینەوە:

گۆران لەشیعری (جوانی بێ ناودا) دا،جوانی سروشت و ژنی تێکەڵ کردووەو لەشێوەی بازنەیەکدا جوانییە سەرنجراکێشەکانی هەڵبژاردووەو بەدەوریاندا خولی خواردووەو لەجوانی ژنەوە دەستی پێکردووەو وتوویەتی:

قژ کاڵی،لێو ئاڵی،پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ
ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو
گەندەمووی دەم و چاو،مەچەك هەڵنەگرتوو...هتد [٢٤]

لەوێوە مەوداکەی گواستۆتەوە بۆ جوانی سروشت و بەراوردی جوانترینیانی کردووەو وتوویەتی:

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کەلەژێر سێبەری تووترکا خامۆشە !...

تا دەڵێت:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیژگی رۆژ شلَپ و هوور !...هتد [٢٥]

هەر لەو شیعرەدا درێژەی بە کۆکردنەوەی جوانییەکان داوەو هەڵپەو داوای ئەوەیە کە کیژی جوان ژمارەیان زیاد بکات و لەباخچەی جوانی بەهاری سروشتدا،گوڵی رازاوەی بەرخۆر بن،هەر وەك وتویەتی:

ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆربن
لەباخچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆر بن،...هتد [٢٦]

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت،کە شاعیر بەخەیاڵە رۆمانسیەکەی خۆی هەموو سنوورەکانی هۆشی بەزاندووەو دەورو خولی جوانییەکانی سروشت و ژنی داوەو ئەمیش لەم قۆناغەدا وەکو زۆربەی شاعیرە رۆمانسیەکانی جیهان،بەتایبەتی شیللی و وۆردز وۆرپ و کیتس و بایرون...هتد،بڕوای وابووە کە ((شیعر: دەنگدانەوەی ئیلهام و خەون و خەیاڵە)) [٢٧]،هەربۆیە لێرەدا ژنی وەك ئەوە نیشانداوە،کە تەنها بۆ لەززەت و خۆشی پیاو خوڵقابێ و هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان دیار نییە.هەر بەو جۆرەش لەشیعری (بۆ کچێکی بێگانە) دا، نموونەی بەرزو وێنەی شیعری جوانی تێدا نەخشاندووە و بەهەموو جوانییەکانی ژندا هەڵیداوە و ڕەنگی سووریشی وەك جوانییەکی بێ وێنە هەڵبژاردووە" جا ئیتر بۆ جوانی سروشت بووبێت یان بۆ جوانی ژن" کەچی مەلی دڵی بێ ئۆقرەیەو هەردەوێڵە بەدوای جوان و جوانتر داو دەڵێت:

لەهەچ باخێك گوڵێكی سوورم دیبیٚ،

بۆی چووم هەزار دڕك لەپێم چەقیبیٚ !

هەرئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم:

ناشارەزاو،پەپوولەی دوور بەدوور بووم !

ئەمجا ئیتر كەوتومەتە بەیایی

بۆ جوانێكی تری پێش ئاشنایی...هتد [٢٨]

گۆران لەشیعری (جیلوەی شانۆ – بۆ پەریی سەما) دا،زۆر ووردەكاریانە بەهەستە ناسكە رۆمانسیەكەی دیمەنەكانی سەر شانۆ دەكێشیٚ و پەردەی رەشی سەرشانۆ بەباڵە رەشەكانی قەلە رەش دەچوێنیٚ و بە لابردنی ئەو پەردەرەشە دیمەنی جوانی فریشتەیەك دەردەكەوێت،كە ئەویش جوانی ژنەو قەشەنگتری دەكات بەو سەمایەی،كە زیاتر دەیكاتە جێی سەرنجی بینەران و دەڵێت:

لەپڕ كەباڵی ڕەشی هەڵبڕی قەلی پەردە:

پەریی جوانی،فریشتەی سەمایی نادیدە،

لە عەرشی شانۆدا

بە عیشوە پەیدابوو:

دەمێك ئەبوو بە شنەی با بەڕەوتی نەرم و نیان،

دەمێك ئەبوو بە پەرێكی خەفیفی ئاوریشمین...هتد [٢٩]

شاعیر بەردەوام دەبێت لەباسی جوانییەكەیداو بەسەرسوڕمانەوە ئەگەڕیٚ بەدوای دروستكەری ئەو جوانیەداو بزانیٚ كێیە ئەو بەهرەیەی داوەتیٚ و هەتا دەگاتە ئەو راستییەی كە نە (مانی)* و نە هیچ سەنعەتكارێكی تر ئەو توانایەیان نییە،تەنها خواوەند نەبێت،هەربۆیە دەڵێت:

لەخواوە بەهرەیەكە پڕ بە پێستە بۆ ئافرەت"

ئەویش بەسەد ئیعجاز

چیای سروور ئەڕژێنێتە ژینی ئینسانی !...هتد [٣٠]

شاعیر زۆر بە تاسەوە ڕۆدەچێتە ناخی جوانی ژنەوەو لەئاكامدا هیچ دەسەڵاتێكی نامێنیٚ و دەستەوسان دەبێت بەرامبەری،تەنها ئەوەندەی لەدەست دێت خۆی بكاتە قوربانی،چونكە تەنها ژنە بەختەوەری و ئاسوودەیی ئەخوڵقێنیٚ و دەڵێت:

---

* مانی: رابەری بیروباوەڕی (مانی) بووە و لەساڵی ٢٥ ز لە گوندێكی نزیك بابل لەدایك بووە،لەبواری زانست و هونەرو فەلسەفەو ئەدەب و پزیشكی و ئەستێرەناسیدا شارەزا بووە،جگە لەوانە لە ئاینەكانی جوولەكەو مەسیحی و زەردەشتی و فەلسەفەی (بوودا) زۆر شارەزا بووە كەچی باوەڕی بەهیچیان نەهێناوە و بیروباوەڕی خۆی بلاّوكردۆتەوە و كتێبەكەی بەناوی (ئەرژەنگ) ەوەیە.[٣١]

فیدات ئەبم ژنی جوان،ئەی جەمالی سنعەتکار،

بەڵێ ! دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنظار. ...هتد (٣٢)

ئەم شیعرەش و کۆمەڵێکی تریشی،هەر دەچنە خانەی ئەو شیعرانەیەوە کە تیایدا تەنها مەبەستەکانی خودی خۆی دەپێکی،کە خولیای جوانییە و بەس.

هەردی شاعیریش لەباسی جوانیداو بەتایبەتی جوانی ژندا،هەر لەجوانی چاو و بەژن و باڵا، تا دەگاتە لارو لەنجەو رۆیشتنی،پیاهەڵدانێکی پڕ لەهەست بزوێن و خرۆشانی دەروونی لای خوێنەر دەخوڵقێنی" ئەمە جگە لەوەی لە شیعرەکانیدا هەندێ جار پەنای بۆ چەند بابەتێکی ئەفسانەیی بردووە،وەکو پەیکەرە قەشەنگەکانی ئافرەت لای یۆنانیەکان" ئەو بۆچوون و مەبەستەش لەشیعری (فاتمە)دا کە لەساڵی ١٩٥٠ ز دا نووسیونی،زۆر دیارو ئاشکرا دەردەکەوێت،هەروەك دەڵێت:

فاتمە ! دووچاوی مەستت،پڕ تەلیسمی جوانییە

پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە

بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانییە

لارو لەنجەت مۆسیقایە،بەستەیە،گۆرانییە

بووکی رازاوەی خەیاڵم،گیانەکەم ست فاتمە !

تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە... (٣٣)

شاعیر بەردەوام دەبێت لەباسی جوانی ژنداو وای لێ دێت،کە هەموو شتەکانی دەوروپشت و سروشت، لەجوانی ئەودا دەبینێتەوەو هەتا دەگاتە ئەوەی،ئەگەر هەموو لەشی نازدارەکەش پۆشرابێت و تەنها بەهۆی باوە چمکێکی عەباکەی لاچووبێت،ئا لەوێوە سیحری خوا لەجوانیدا دەبینێتەوە،واتە بە هونەرێکی جوانی پەرستییەوە،کۆمەڵێك وێنەی شیعریی جوانی تێکەڵ کردووەو هەموو هەستەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ بینینی جوانییەکان و ناخی خۆی و سروشتیشی لەو بوارەدا تواندۆتەوە و دەڵێت:

سەرنجی رێ ئەدەم،رێگا،هەمووی شێوەی ئەوی تیایە

وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە،... وایە

شنەی با باسی جوانی ئەو،بە گوێی مندا ئەچرپێنێ

هەموو دەرکەوتنی شۆخێ،دڵی من دائەخورپێنێ

تاکو دەڵێت:

ئەگەر چی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە

لە ئەندام و لەش و لاری بڵندو رێکی... ئالاوە

بەلام کاتێ کە با چمکی عەباکەی لائەدا،تاوێ

ئەرێژێ پووزی نایابی،لە سیحری خوایی،لافاوێ (٣٤)

جوانی لای (کاکەی فەللاح) ی شاعیریش،بۆتە سروش (ئیلهام) و ناخی دەهەژێنیٰ،بە تایبەتی چاوە جوانەکانی نازدارەکەی و ژیانی وابەستەی ئەو جوانیە دەکات و دەبێتە پەیامی رووناکی بۆ دەروونە پەست و خەمناکەکەی و بەبیٰ ئەو،وەکو گوڵێکی ژاکاو و سیسی لیٰ دێت،هەر وەك دەڵێت:

بەو چاوە جوانانەت قەستەم
بیٰ تۆ ژیانم ناخۆشە
ناخی ئەم دەروونە پەستەم
بۆ رووناکی تۆ پەرۆشە...هتد

تاکو دەڵێت:

هەر چەن شێوەی تۆ ئەبینم
لەجوانی تێر نابیٰ چاوم
بەبیٰ تۆ شۆخی شیرینم
گوڵێکی سیس و ژاکاوم
بیٰ ڕەنگ و بۆ
بیٰ گفت و گۆ
بیٰ هات و چۆ
دەستەو ئەژنۆ...هتد (٣٥)

بێگومان کاریگەری جوانی ئەوە نەبیٰ تەنها لای شاعیرانی قۆناغی گواستنەوەی شیعری کوردی رەنگی دابێتەوە و خۆی نواندبیٰ،بەڵکو لای شاعیرانی پاش ئەوانیش،هەر بەردەوام بووە و دەبێت.

یەکێك لەو شاعیرانەی بۆ ئەو مەبەستە هەڵمان بژاردووە (دڵشاد مەریوانی) شاعیرە،کە لەباسی جوانی ئەندامەکانی لەشی ژندا،ئەوەندە رۆچووە،دەتوانریٰ بووترێت،کە تابلۆیەکی هێند قەشەنگی زیندووی نەخشاندووە،هەست دەکەیت کە ئەو نازدارە رووبەڕووتە و نازەکانی خۆی دەبارێنیٰ،هەروەك شاعیر لە شیعری (سلۆ) دا وتوویەتی:

ئەی پەریی نازگەرمی ناسکۆڵەی روونەخشین
ووردیلەی ساکاری نەرمۆڵەی نازەنین
با ئەمشەو مۆسیقای ئاوازی ناخی گەرم
لای بدا مەندێتی پەردەی ڕوو – ئاڵی شەرم

تاکو دەڵێت:

تۆش دەستخە ناودەستم با پەنجەی تینووی من
گولاوی ئارەقی ناو دەستت هەڵمژن

تا دەستم لەکەمەر بئاڵێ بۆ سەما
لەپی دەست مەڕمەڕی نەرمی خوا...زیارەت کا
*　　*　　*　　*
پێستی لەش پەمەیی...نەغمەی راز شەرماوی
خەندەی لێو عەتراوی...تیشکی چاو سیحراوی
ئەوەی تۆ شەرم دەکەی...کە بیلێی..شۆخی جوان
پێنج پەنجەی گوشراوت لە دەستمی زووگەیان...هتد (٣٦)

هەر لەم لایەنەدا نموونەی شیعری زۆرمان بەرچاو دەکەوێت لای شاعیرانی کورد.

بەلآم بەسەرنجدان لەو شیعرانەی کە زیاتر ناوەرۆکێکی ریالیزمیانەی تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ریالیزمی شۆرشگێڕانەو سۆشیالیستانە،هەرچەندە لە هەست و سۆزە رۆمانسیەکەش تا ڕادەیەك دەستبەردار نەبوون" بەلآم بە شەوقەوە لای هەندێ لە شاعیرەکان،شیعری جوانی سروشت و ئافرەت، سیمایەکی تری وەرگت و تێکەڵ بە سۆزو خۆشەویستی خاك و نەتەوەو مرۆڤایەتی بوو،کە دەتوانرێت بووترێت شیعری ئەو سەردەمە لەشێوە هونەرییەکەیدا وەکو شیعری رۆمانسی و لەناوەرۆکدا وەکو شیعری ریالیزمیانە دەرکەوتووە. واتە توانیویانە جوانی سروشت و ژن لە خۆشەویستی خاك و نەتەوەدا کۆبکەنەوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شیعری (تاوان) ی دیلان بدەین،کە لەساڵی ١٩٦١ دا نووسیوێتی،ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت،چونکە ئەو ((پەیوەندییە گیانییەی نێوان شاعیرو سروشت جەمسەرێکی دەگەڕێتەوە بۆ گیانی خۆشەویستی نیشتمان و شانازی کردن بە نەتەوەوە...)) (٣٧)

هەروەك لێرەدا شاعیر دەڵێت:

ئەی نازەنین..ئەی روو جوانتر لە شەست پەڕ
ئەی گوێچکەی دڵ هیچ نەبیستووە تەمەن شەڕ
ئەی نازەنین ئەی بەرگ ئەرخەوانی
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی
لەگەڵ ئەوەی (دڵ) پەرۆشی ڕووی ئاڵە
دەروون سەودای لوتکەی بەرزو خاڵ خاڵە...!

تاکو ئەڵێت:

بەکورتی....فەڕ لەگەڵ جوانی ولآتم
هۆی...تروسکەی ئامانجە و ئاواتم
کە نەتەوەم گەیشتە دووا مەبەستی

نامەی کردار،هەچ کەس درایە دەستی
ئەوسا ئەگەی لە خەبات و تێکۆشان
کە بۆ کوردەو بۆ رزگاری کوردستان (٣٨)

(کامەران) یش لە شیعرەکانی (ئەختەر،کچە نەغەدەیی و ..هتد) جگە لە جوانییە دڵفڕێنەکەی ژنی کورد،هەڵوێست و فیداکاریشیان سەرنجراکێشانە دەخاتەڕوو،هەروەك نموونەیەك بۆ شیعرەکانی لەو بوارەدا لەشیعری (ئەختەر) کە لەساڵی ١٩٥٨ دا نووسیویێتی و دەڵێت:

سنگی ئەختەر ئاڵ وەك شەبەق
تێی ورووکا گوللەی ناهەق
چەند جوان بوو،لەجیاتی خشڵ
گەردانەی قەترەی خوێنی دڵ...

تا دەڵێت:

ئەی ژنی شەهیدی ئازا
کە خوێنی گیانی تۆ ڕژا
گوڵێکی ئەو تۆی پێ پشکووت
دڵی هەموو کورد بۆی بزووت...هتد (٣٩)

بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت،کەلەهەندێ شیعری شاعیرانی پێش ساڵانی شەستەکان و هەر بەو شێوەیەش لەبەرهەمی هەندێ لەشاعیرانی شەستەکانیشدا" بەتایبەتی لەو بەرهەمانەیاندا کەباسیان لە ژن و جوانییەکەی کردووە،بەو شێوەیە تێیان ڕوانیوە،کە بۆ خواست و ئارەزووی پیاو خوڵقابێ و بەس" واتە زیاتر لەیەك ئاسۆگە یان مەوداوە مەبەستەکانیان پێکاوە.

دیارە بە نسبەت سروشتیشەوە هەروابووە،چونکە کاتێ باسی سروشت و جوانی سروشتیان کردووە، زیاتر گرنگییەکە دراوەتە رووکەشەکە،هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شیعری گەشتەکانی (هەورامان و قەرەداغ) ی گۆران بدەین،کە لەساڵانی سییەکانی سەدەی پێشوودا نووسیونی،ئەو راستییە بەدی دەکرێت کە شاعیر تەنها شتە قەشەنگ و جوانەکانی باسکردووە و دیوی ناوەوەی واقیعەکەی باس نەکردووە،واتە ئاوڕی لەباری ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەو کێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکنەداوەتەوە،کەلەو سروشتەدا ژیانیان بەسەر بردووە،واتە پێوەندی قووڵی نێوان سروشت و کۆمەڵ. کە ئەمە لای شاعیرانی سەردەمی گواستنەوەو بەدوواوە،واتە شاعیرانی شەستەکان و دواتر،کە لەچەند روانگەیەکەوە سەرنجی ژن و سروشت و ژیانیان داوە،واتە لە بۆچوونی شاعیرانی شیعری نوێدا تێڕوانینەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری نوێی جیهانی و شاعیرانی قۆناغی گواستنەوەو دواتریش هەستیان پێکردووە. کەواتە دەتوانرێ بووترێت لە شیعرەکانیاندا

توانیویانە هاوکێشەیەك لەنێوان سروشت و مرۆڤدا بخوڵقێنن،کە پێشتر بەو شێوەیە نەبووە.

هەر بۆیە لەو بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس)،شاعیرێکی وەکو گۆران بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: ((لەشیعری گۆران دا ئەتوانیت بەتەواوی سروشت لەشتەکانی دیکە جیابکەیتەوە..بۆ نموونە: درەخت لای گۆران زیاتر درەخت و جوانی درەختە،بەلاَم لە تاقیکردنەوەی ئێمەدا رەنگە درەخت ئادەمیزاد بێت،رەنگە بیر بێت،رەنگە خەونی میللەتێك بێت...ئەو مەسەلە تراژیدیانە لای ئێمە یەك مەودای نەبووە. رۆمانسیەت لای ئێمە گەورە ئەبێتەوە،پەل و پۆ ئەهاوێت و لەمەودایەکی تەسکدا نامێنێتەوە. بگرە باوەش ئەکات بەهەموو ژیاندا،بەهەموو پارچەیەکی ئەو ژیانەوە،ناتوانێت ئەم دۆخە ناو بنێت ئەو (رۆمانسەیتە) کە لای گۆران هەبووە،یان لەشیعری ئەورووپی دا هەبووە)) (٤٠)

ئەوەش بە مەسەلەیەکی رامیاری ناو ئەبات کە رەنگدانەوەی پێوەندی نێوان نەتەوەو سروشتە،نەك تاکەکەس و سروشت. کەواتە ئەو شیعرانەی لەدوای سەردەمی گواستنەوەدا،لەبارەی جوانی سروشت و جوانی ژنەوە وتراون،ئەگەر لەرووی روخسارەوە شێوازێکی رۆمانسییانەیان پێوە دیار بووبێت،کە جیابووە لەو رۆمانسیەتەی شاعیرانی پێشتر پێڕەویان کردوە،ئەوا لەروی ناوەرۆکەوە زیاتر بەلای ریالیزمیدا و بەتایبەتی ریالیزمی شۆڕشگێڕانەدا وەرچەرخاون و فرە مەودایشیان تێدا بەدی دەکرێت.

هەر لەو بارەیەوە شاعیر دەڵێت: ((لەشیعری تازەدا،لەلای ئێمە لەدوای (گۆران) ەوە،لە شیعری جیهانیدا لەدوای (رامبۆ) وە،ئەم فرە مەوداییە جێی بەیەك مەودایی لێژ کردووە)) (٤١)

هەروەها لەشیعری تازەدا،زۆرجار جوانی سروشت یا سروشت بەگشتی لای شاعیران سیمایەکی نەتەوەیی وەردەگرێت و پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی (هێما – رەمز) چونکە سروشت خۆی لەخۆیدا رووبەرێکی بەپیت و فراوانە بۆ هەڵهێنجاندن و خوڵقاندنی هێما و بەکارهێنانی لەشیعردا،کە ئەویش ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمە شیعرییەکە واتایەکی چڕوپڕ و قوڵتر بەدەستەوە بدات و وا لەخوێنەر یا گوێگر بکات،وردتر سەرنجبداتە بەرهەمەکە،چونکە هێما یا رەمز،ئەو وشەو زاراوانەن کە جگە لە واتا روکەشەکانیان،لەناخیاندا واتاو مەبەستی تریان حەشارداوە.

لەهەمانکاتدا ناتوانرێ بووترێت،ئەو شیعرانەی رەنگدانەوەی سروشتیان تێدا نیە،بێبەشن لە بەکارهێنانی هێما تیایاندا" هەروەها هێما زۆر بەزەقی لە بابەتەکانی تری شیعریشدا بەکاردێت، بە تایبەتی لەو شیعرانەی سیمای سیاسەت و باری نەتەوایەتی و لایەنەکانی تری کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا،بەتایبەتیش لەلایەنی ئیستاتیکادا،کە خۆی لقێکە لە فەلسەفە.

٢. سروشت مەڵبەندی هەموو جوانییەکانەو جوانی خۆی لەخۆیدا شتێکە،کە لەئەنجامی

بوونی مادەدا دێتە بوون.

٣. جوانی وەك بابەتێكی سەرەكی و بنچینەیی،هەر لەكۆنەوە لەناو ئەدەبیاتی گەلاندا بەگشتی و لەشیعردا بەتایبەتی رەنگی داوەتەوە.

٤. لە شیعرو ئەدەبیاتی كوردیشدا،مەسەلەی جوانی رەنگدانەوەیەكی لەبەر چاو و دیاری بەخۆیەوە دیووەو شاعیرانی كورد لەو بوارەدا وێنەی قەشەنگ و بەهێزی جوانییان لە شیعرەكانیاندا نەخشاندووە،چونكە جوانی لای ئەوان بۆتە بەشێك لە ژیان و بەرهەمەكانیان پێ نەخشاندووەو جوانی سروشت بە گشتی و بە تایبەتی جوانی ئافرەتیش كە بەشێكی دیار و گرنگی جوانی سروشتە لە شیعرەكانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی هەڵوێست و ڕۆڵی ژنیان لە ناو كۆمەڵگادا دیاریكردووە و هەڵیانسەنگاندووە .

پەراوێزەكان:

١. كەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر – ئیستاتیكا–،چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی،١٩٧٩ ،لا ١١

٢. دنی هویسمان،علم الجمال،ترجمة: ظافر الحسن،الطبعة الاولى،منشورات عويدات،بيروت،١٩٧٤ . هەروەها بڕوانە: كەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر،لا ٢١

٣. كەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر، لا ٢١

٤. م. اوفسيا فيكوف –و-،زسمير نوفا،موجز تأريخ النظريات الجمالية،تعريب: باسم السقا، دار الفارابي،بيروت،آذار ١٩٧٥ ،لا ٢٤

٥. جان برتليمى، بحث في علم الجمال،ترجمة: الدكتور أنور عبدالعزيز،مطبعة نهضة مصر،القاهرة،١٩٧٠، لا ١٠

٦. كەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر،لا ٩٠ – ٩١ – ٩٢ هەروەها بڕوانە:
هيغل،المدخل الى علم الجمال،ترجمة: جورج طرابيشي،الطبعة الاولى،دار الطليعة،بيروت،١٩٧٨، لا ٥-٦-٧-٨

٧. د. عبدالواحد لؤلؤة،موسوعة المصطلح النقد، لا ٢٧٢

٨. سەرچاوەی پێشوو

٩. سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٢– ٢٧٣

١٠سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٢

١١ . كەمال مەمەند میراودەلی،سروشت و جوانی لەشیعری گۆراندا،گ/ نووسەری كورد،ژ/٩ ،لا ٦١

١٢.د. احسان عباس،فن الشعر، لا ٤٣

١٣. رؤوف عثمان،لە بارەی مەولەوی یەوە ،میهرەجانی مەولەوی، لا ٦٨

١٤.كەمال میراودەلی،سروشت و جوانی لەشیعری گۆران دا،گ/ نووسەری كورد،ژ/٩، لا ٥٩

١٥. الدكتور عزالدين مصطفى رسول،الواقعية في الادب الكردي، لا ١٨٥

١٦. گۆران،سەرجەمی بەرهەمی، لا ١٠

١٧. رەفیق حیلمی،شیعرو ئەدەبیاتی كوردی،بەرگی دووەم، لا ١٦١

١٨. شێركۆ بێكەس،ڕووبەڕوو،گۆڤاری ئازادی،ژ/٢، لا ١١١

١٩. حسين على شانوف،شعر الشاعر الكردي المعاصر،عبدالله گۆران، لا ٥٥

٢٠. كەمال میراودەلی،سروشت و جوانی لەشیعری گۆران دا،نووسەری كورد،ژ/٩، لا ٨٢

٢١. الدكتور عزالدين مصطفى رسول،الواقعية في الادب الكردي، لا ١٩٣

٢٢. محمدی مەلا كریم،گۆران و شیعری مناسبات،گۆڤاری بەیان،ژ/ ٢٩

٢٣.كەمال مەمەند،ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆران دا،گ/نووسەری كورد،ژ/١،پەراوێزی ژمارە

٢٩،لا ٤٩

٢٤. گۆران،سەرجەمی بەرهەمی، لا ٤٥

٢٥. سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٦

٢٦. سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٥

٢٧. حەمە سەعید حەسەن،شیعرو تەور، لا ٤٥

٢٨. گۆران،بەهەشت و یادگار،لا ٤٩ – ٥٠

٢٩. گۆران،سەرجەمی بەرهەمی،لا ١١١ – ١١٢

٣٠. سەرچاوەی پێشوو لا ١١٢–١١٣

٣١ . د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان،سۆفیگەری،چاپی یەکەم،لا ٣٩ هەروەها بڕوانە:

عبدالرحمن جامی،نفحات الأنس،تقدیم: مهدی توحیدی پور،لا ٥٥

٣٢. گۆران،سەرجەمی بەرهەمی،لا ١١٣

٣٣. ئەحمەد هەردی ،رازی تەنیایی،چاپی دووەم، لا ٦٨

٣٤. سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٧ – ٧٨

٣٥. کاکەی فەلاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی،بەرگی یەکەم،لا ١٩٨ – ١٩٩

٣٦. دڵشاد محمەد ئەمین،بن بە تیشك، لا ٤٤

٣٧. کاکەی فەلاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی،بەرگی یەکەم، لا ٢١٢

٣٨. محەمەد صالح دیلان،دیوانی شیعر، لا ٢٥٧ – ٢٥٨

٣٩. کامەران،ئاگرو ژیلە، لا ٣٤ – ٣٥

٤٠. شێرکۆ بێکەس،ڕووبەڕوو،گۆڤاری ئازادی،ژ/٢، لا ٩٨ – ٩٩

٤١. سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤

سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان:


١- ئەحمەد هەردی،رازی تەنیایی،چاپی دووەم،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،١٩٨٤ ز

٢- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د.)،سۆفیگەری،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١ ز

٣- حەمە سەعید حەسەن،شیعرو تەور،ستۆکهۆڵم،١٩٩٨

٤- دڵشاد محمەد ئەمین،بن بە تیشك،چاپخانەی کامەرانی،سلێمانی، ١٩٧٧ ز

٥- ڕەفیق حلمی،شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،بەرگی دووەم،چاپی دووەم،چاپخانەی فێرکردنی باڵا، ئەربیل، ١٩٨٨ ز

٦- ڕۆوف عثمان،لە بارەی مەولەوی یەوە ،میهرەجانی مەولەوی،چاپخانەی الزمان،بەغدا، ١٩٨٩ ز

٧- کاکەی فەلاح،کاروانی شیعری نوێی کوردی،بەرگی یەکەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٨ز

٨- کامەران،ئاگرو ژیلە،چاپخانەی کامەران،سلێمانی، ١٩٥٨ ز

٩- کەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر – ئیستاتیکا –،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، ١٩٧٩ ز

١٠-گۆران،بەهەشت و یادگار،چاپخانەی مەعارف،بەغدا، ١٩٥٠ ز

١١-گۆران،سەرجەمی بەرهەمی گۆران،بەرگی یەکەم،کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا،١٩٨٠ ز

١٢-محمەد صالح دیلان،دیوانی شیعر،ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد،چاپخانەی سومر بەغدا،١٩٨٧ ز

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١٣- احسان عباس (د.)، فن الشعر، دار بيروت للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٥٩ م
١٤- جان برتليمي، بحث في علم الجمال، ترجمة : الدكتور أنور عبدالعزيز، مطبعة نهضة، مصر، القاهرة، ١٩٧٠ م
١٥- حسين علي شانوف، شعر الشاعر الكردى المعاصر (عبدالله گوران) ترجمة :شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥ م
١٦- دنى هويسمان، علم الجمال، ترجمة : ظافر الحسن، الطبعة الأولى، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٧٤ م
١٧- عبدالرحمن جامي، نفحات الانس، تقديم، مهدى توحيدى بور، ايران، ١٣٣٧ ه.ش
١٨- عبدالواحد لؤلؤة (د.)، موسوعة المصطلح النقدي، يترجمها عن الأنكليزية، المجلد الأول، دار الرشيد للنشر، وزارة الثقافة و الأعلام، بغداد، ١٩٨٢ م
١٩- عزالدين مصطفى رسول (الدكتور)، الواقعية في الأدب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٩٦٦ م
٢٠- م. أوفسيا فيكوف، ز. سمير نوفا، موجز تأريخ النظريات الجمالية، تعريب: باسم السقا، دار الفارابي، بيروت، آذار / ١٩٧٥ م
٢١- هيغل، المدخل الى علم الجمال، ترجمة : جورج طرابيشي، الطبعة الأولى، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٨ م

گۆڤارە کوردیەکان:

١. ئازادی، ژ/٢، شێرکۆ بێکەس،ڕووبەڕوو،سلێمانی،ك٢ /١٩٩٢ ز
٢. بەیان،ژ/ ٢٩ ،محمد مەلا کریم،گۆران و شیعری مناسبات،بەغدا، ١٩٧٥ ز
٣. نووسەری کورد،ژ/١،کەمال مەمەند،ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆراندا،چاپخانەی شەفەق، بەغدا،١٩٧٩ ز
٤. نووسەری کورد،ژ/٩،سروشت و جوانی لەشیعری گۆران دا،چاپخانەی الزمان،بەغدا، ئابی/ ١٩٧٣ ز

# کورتەی باسەکە

ئەم توێژینەوەیە لەبنچینەدا زیاتر پشتی بە دوو لایەنی زانستی مرۆڤایەتی بەستووە،کە ئەوانیش بواری ئەدەبیات و بواری فەلسەفەیە،هەر لەڕوانگەی ئەو دوو لایەنەوە بناغەی باسەکەمان هەڵهێنجاوە.

هەربۆیە تەوەرەی یەکەمی باسەکەمان بە چەمکی جوانی لەدیدو بۆچوونی هەندێك لە فەیلەسوف و شارەزایانی بێگانەو شاعیران و نووسەرانی کوردەوە دەست پێکردووەو ئەوەش روونکراوەتەوە کە بنەمای هەموو جوانییەکان لەبوونی مادەوە دەست پێدەکات،ئەوەش لەڕێی هەڵچوونی دەروونیی مرۆڤەوەو بەپێی بەکارهێنانی هەستەکانەوە دروست دەبێت. کە ئەمەش دژە بۆچوونە بەرامبەر بە ئایدیالیستەکان،چونکە ئەوان جوانی بەبوونی راستییەکی تەواو دەزانن و دەیگێڕنەوە بۆ دەسەڵاتی پشت سروشت.

تەوەرەی دووەمی باسەکەشمان،باس لەو پانتاییە فراوانەی جوانی دەکات،کە لەشیعری هەندێك لە شاعیرانی سالأنی چلەکانی سەدەی بیستەم و بەدوواوە،وەك مەسەلەیەکی گرنگ رەنگی داوەتەوەو وێنەی قەشەنگ و بەهێزیان تێدا نەخشاندووە.

جا ئیتر جوانی سروشت بوو بێت یاخود جوانی ژن،لەهەمان کاتیشدا جگە لە مەسەلەی ژن و جوانییەکەی،لەگەڵیشیدا هەڵوێست و رۆڵی ژنیان لەناو کۆمەڵدا هەڵسەنگاندووە.

# خلاصة البحث

هذه الدراسة في الأساس اعتمدت بالدرجة الاولى على حقلين من العلوم الإنسانية،هما حقلا الأدب و الفلسفة، حيث استنطقنا موضوع بحثنا منهما. من هنا فان المحور الاول من البحث يبدأ بطرح مفهوم الجمال من منظور بعض الفلاسفة و المختصين و كذلك الشعراء و الكتاب الكرد،وقد سلطنا الضوء على ان أساس الجمال يبدأ من وجود المادة،وذلك عن طريق الانفعالات النفسية للإنسان من خلال الأحاسيس. وذلك بخلاف ما ذهب إليه المثاليون،الذين يعدون الجمال بالحقيقة التامة و يعيدونه الى سلطة ما وراء الطبيعة.

اما المحور الثاني من البحث،فيتناول المساحة الواسعة التي يحتلها الجمال في قصائد شعراء أربعينيات القرن العشرين وما بعدها،إذ انعكست في تلك النتاجات الشعرية وذلك من خلال خلق صور شعرية أنيقة و جذابة،سواء أكانت جمال الطبيعة ام جمال المرأة،مع تقيم موقفها و دورها في المجتمع.

# *Abstract*

*This study, basically, depended on the two fields of humanitarian sciences namely:*
*Literature and philosophy.*

*The first chapter of our research deals with the concept of aesthetics in the view of some philosophers and specialists and also the Kurdish poets and writers.*

*We clarified that this concept of aesthetics begins with the material elements and that through the psychological emotions of the human being which is contrary to what the idealists believe who regard the aesthetics as the absolute truth and relate it to the power of the supernatural.*

*The second chapter of the research treats the vast space that the aesthetics occupies in poems of the poets of the fortieth of 20$^{th}$ century and afterwards as it was reflected in their works through creating beautiful poetic forms whether this beauty is of the nature or of the woman, or some thing else's like the attitude of life in society.*